هەرکەسێک دەست لە ئەندامی نێرینەی بدات؛ دەبێت دەستنوێژ بگرێتەوە

عروە دەڵێت: چووم بۆ لای مەروانی کوڕی حەکەم وباسی ئەو شتانەمان کرد ئەگەر یەکێک ئەنجامیان بدات دەبێت دووبارە دەستنوێژ بگرێتەوە، مەروان ووتی: ودەستلێدان لە ئەندامی نێرینە؟ عروە ووتی: سەبارەت بە ئەوە نازانم، مەروان ووتی: بوسرەی کچی سەفوان پێمی ووت: کە گوێی لە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بوو کە فەرموویەتی: «هەرکەسێک دەست لە ئەندامی نێرینەی بدات؛ دەبێت دەستنوێژ بگرێتەوە».

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - نەسائی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: عروە -ڕەحمەتی خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە چوو بۆ لای مەروانی کوڕی حەکەم کاتێک ئەمیری مەدینە بوو، (وباسی ئەو شتانەمان کرد ئەگەر یەکێک ئەنجامیان بدات دەبێت دووبارە دەستنوێژ بگرێتەوە): واتا باسی ئەو شتانەیان بۆی کرد کە دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی دەستنوێژ. (مەروان ووتی: ودەستلێدان لە ئەندامی نێرینە؟): واتا دەستدان لە ئەندامی نێرینە دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی دەستنوێژ؟ (عروە ووتی: سەبارەت بە ئەوە نازانم): واتا هیچ بەڵگەیەکم لە لا نییە سەبارەت بە ئەو بابەتە کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرموویێتی. (مەروان ووتی: بوسرەی کچی سەفوان -ڕەزای خوای لێبێت- پێمی ووت: کە گوێی لە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بوو کە فەرموویەتی: «هەرکەسێک دەست لە ئەندامی نێرینەی بدات؛ دەبێت دەستنوێژ بگرێتەوە»)، ولە گێڕانەوەی (الترمذي)دا: (فلا يصَلِ حتى يتوضأ) واتە: (نابێت نوێژ بکات هەتاوەکو جارێکی تر - دەستنوێژێکی نوێ- دەگرێتەوە): وئەم گێڕانەوەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی دەستدان لە ئەندامی نێرینە دەستنوێژ هەڵدەوەشێنێتەوە ئەگەر بە شەهوەتەوە یان بێ شەهوەت بێت وئەگەر بە ئەنقەست یان نائەنقەست بێت، بەڵام بەمەرجێک دەستلێدانەکە ڕاستەوخۆ بێت بە بێ هیچ ناوەندێک لە نێوانیان، بەڵام ئەگەر ناوەندێک هەبوو ئەوا دەستنوێژ ناشکێت؛ واتا ئەگەر لەسەر قوماش یان جلەوە دەستی لە عەورەتی دا ئەوا دەستنوێژی ناشکێت، چونکە لە ڕاستیدا ئەمە دەستلێدان -بەرکەوتن- نییە چونکە بەرکەوتن -دەستلێدان- بریتیە لە گەیشتنی ئەندام بە ئەندام -پێست بە پێست-؛ وبەڵگەش بۆ ئەمە گێڕانەوەی (النسائي) وجگە لە ئەوە: (إذا أفْضَى أحدكم بيده إلى فَرْجِه وليس بينها سِتْر ولا حائل فليتوضأ) واتە: (ئەگەر یەکێکتان دەستی لە شەرمگەی -عەورەتی: ئەندامی نێرینە یان مێینەی- دا, وهیچ ناوەندێک لە نێوانیان نەبوو؛ ئەوا با دەستنوێژ بگرێتەوە).

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/8397